سەید حەکیم پێشوازی لە نووری مالکی کرد و یەکڕیزی چوارچێوەی هەماهەنگی و ڕوو بەڕووبوونەوەی ڕکا بەری ئابووری دووپات کردەوە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا رۆژی 18ی کانوونی دووەم پێشوازی لە بەرێز نووری مالکی سەرۆکی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا کرد، لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق و بەپیلچوون بۆ شایستەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەپێی کات و ساتی دەستووری کرا، سەماحەتی حەکیم جەختیشی لەسەر یەکڕیزی چوارچێوەی هەماهەنگی و پتەکردنی کردەوە و بە کۆڵەکەیەکی سەقامگیری و□لاتی هەژمار کرد.

سەید حەکیم گوتیشی لە قۆناغی داهاتوو ڕکا بەری ئابووری زۆر بە فشار لەسەر عێراق دەبێت، ئەوەش پێویستی بە چارەسەری کاتی و ستراتیژی دوور هەیە، داواشی کرد سەرچاوەکانی داهاتوو فرە بکرێت و پشت ب□ تاکە داهاتی نەوت نەبەستڕێت.

.سەید حەکیم جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی ئەو دەستکەوتانە کردەوە کە بەپاڵپشتی خوای گەورە بەدەستهاتوون لەگەڵ دانایی دەسەڵاتی باڵای دینی و قوربانیدانی گەلی عێراق و لێهاتوویی سەرکردەی سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دەستکەوتانە یارمەتیدەرن بۆ سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و کۆمەلایەتی کە لەعیراقدا بەدی هاتووە..